سەرنجێك لە سەر سەرنجەكانی یاسین برایم لە بارەی كتێبی ئیدیەم لە ڕواندز.. سەدیق سەعید ڕواندزی

پەند و گۆرانەوە و داستانە میللی و فۆلكلۆرییەكان، كە بە ئەدەبی سەر زارەكی دەناسرێن، گەنجینەیەكی میللی و نەتەوەیی گرنگی هەر نەتەوەیەكن، وەك بەشێك لە فەرهەنگ و كولتوور. مێژووی سەرهەڵدانی ئەو هەگەزە ئەدەبییانە، مێژووێكی كۆنە و لە ڕووی دەركەوتنیانەوە، دەكەونە پێش ژانرەكانی دیكەی ئەدەب، وەك تێكستی نووسراو. ئەو پەند و ئیدیەمانە، هەنگدانەوەی ژیانی كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی سادە و ساكاری مرۆڤەكان بووە، بە تایبەتیش لە قۆناغە سەرەتاییەكاندا. ئەو هەگەزانە، وەك دەركەوتەیەكی هزری و زمانەوانی، بەردەنجامی تێڕوانین و لێكدانەوەی هزریی مرۆڤەكان بووە، بۆ ژیان و دیاردەكانی دەوروبەریان. بە دەربڕینێكی تر، دەشێ لە پەراوێزی ئەو هەگەزانەی ئەدەبی زارەكییەوە، ئاستی تێڕوانین و هوشیاری كۆمەگە ببینین. زۆر جار ناوەڕۆكی ئەو پەندانە، دیوێكی بابەتییان هەیە، كە گوزارشت لە دیاردە و نەریتێك دەكەن، كە هەنگە لەگەڵ پێشكەوتنەكانی ئێستای كۆمەگەی كوردی نەگونجێت، بەڵام لە هەڵومەرجێكی كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، وەك ئاماژەیەكی زمانەوانی و بابەتی بە كارهاتووە. بۆ نموونە پەندێكی كوردی هەیە دەڵێ:_ (پیاوی شەرمن شانەیەك دڕێ، ژنی شەرمن شارێك دڕێ) ئەگەر سەیری ناوەڕۆكی ئەو پەندە بكەین، دەبینین شەرم وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی، كە پاڵنەرێكە بۆ شكاندن و پەراوێزخستنی كەسیەتی مرۆڤ، بە دوو تێڕوانینی دژ بە یەك بە مرۆڤ دەبەستێتەوە. بەو پێیەی ڕۆنوێنی ژن دەكات شەرمن بێت، پیاویش بوێر و بێ شەرم. لە كاتێكدا هەردووكییان وەك یەك مرۆڤن. لێرەدا، نامانەوێت لە بارەی ئەو پەند و ئیدیەمانە بە گشتی بدوێین، بەڵكو دەمانەوێت وەك خوێنەرێك و هاوكات وەك ڕواندزییەكیش، چەند سەرنجێك لە بارەی وتارەكەی هاوڕێی نووسەرم (یاسین برایم) بە ناوی (ئیدیەم لە ڕواندزی) و دەوربەری و چەند سەرنجێك) كە دەربارەی كتێبی (ئیدیەم لە ڕواندز و دەوروبەری) لە ماڵپەڕی سەنگینی دەنگەكان بڵاویكردۆتەوە، دەربڕین. نووسەر گەرچی لە بەشێكی زۆری

نووسینەکەیدا، سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە بارەی چەند هەڵەیەکی کتێبەکە خستەڕوو، بەڵام نووسینەکەی ئەویش لە ژێر شوێندا پێویستی بە ڕاستکردنەوەیە. چونکە ئەویش بە هەڵە، لێکدانەوەی بۆ زۆر ئیدیۆم و پەند و هاوکات شێوەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیش کردووە، کە نەدەبوو بە سەریدا تێ بپەڕن، بە تایبەتیش کە باش دەزانم، چەند گرنگی بە فەرهەنگ و سەرمایەی کولتووری و ڕۆشنبیری شاری ڕواندز دەدات. لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەدەین:_

یەکەم:_ ئەدەبی سەر زارەکی یان نووسراو؟!

بە بۆای من، پەند و ئیدیۆمەکان کە دەچنە خانەی ئەدەبی سەر زارەکییەوە، بەشێکن لەو دەربڕینە میللی و کۆمەڵایەتییە زۆر جەماوەرییانەی، کە مێژووێکی یەکجار درێژیان هەیە. ئەم ئیدیۆم و پەندانە، وەك دەربڕینی زارەکی بە کارهاتوون، نەك وەك دەقی نووسراو. بە دەربڕینێکی تر، ئەنگە ئەو پەندانە لە سەردەمێك بە کاربرابن، کە هێشتا خوێندەواری و نووسین لە ئاستێکی پێشکەوتوو نەبووە، بە تایبەتیش کە ژینگەی زمانی و کۆمەڵایەتی ئەو دەربڕینانە، پەیوەست بووە بە ژینگەی گوند، بۆیە وەکو نووسین نەخراونەتەڕوو. بۆگومان هەر زمانێکیش نەبووە نووسین، ناتوانرێت ڕێسای گرامەریی و نووسینی بۆ دابنرێت، چونکە زمانی نووسین، پێکهاتەی هونەری و ئەهەندی زمانەوانی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازە لە زمانی گۆکردن. ژێر جار وشەیەك لە گۆکردن بە جۆرێك دەردەبڕدرێت، کە ناتوانرێت وەك بەشێك لە ڕێنووس بکرێتە زمانی نووسین و بە فەرمی بەکاری بێنیت. بۆ نموونە:_ لە ڕواندز، بە زۆری ناوی (حەسەن) دەکرێتە (حەسۆ) ناوی (محەمەد) دەکرێتە (حەمۆ)، سڵمانییەکان دەیکەنە (حەمە) ، سەرنج بدەن (حەمە) لە کوێ و (حەمۆ) لە کوێ؟ ئەوەی سڵمانییەکان، چەند مێزیکیتر، ئستاتیکی تر، بە چڕۆتر و هونەریترە و چەند خۆش و ئاسانیش گۆ دەکرێت. کەواتا ناکرێت ئەوانەی دەکرێنە (حەسۆ) و (حەمۆ) لە نووسینیشدا بە هەمان شێوە بنووسرێن. بۆیە بە بۆای من، ئیدیۆمەکان بە لێکدراوی یاخود بە جیا بنووسرێن، هیچ لە ڕووی زمانەوانییەوە ناگۆڕێت. ئەوەی گرنگە ئاماژە مانایی و واتاییەکانی ئیدیۆم و پەندەکانە. وەك:_

وەجاغ کوێر ___ وەجاغکوێر

لاق تیرێك _____لاقتیرێك

کەپ زوێنا____ کەپزوێنا

پێ ڕەشـــــــپێڕەش

بە بۆای نووسەری وتارەکە، ئەم وشانە و زۆری تریش، نابێ بە جیا بنووسرێن، بەڵکو دەبێ بە لێکدراوی بنووسرێن. بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوەی لە کتێبەکەدا نووسراوە، ڕێزمانیتر و ڕاستترە لەوەی ئەو دەیڵێت. چونکە ئەم وشانە، هەموویان دوو واتاو دوو مانای جیاوازیان هەیە. بۆیە بە جیا بنووسرێن دروستترە. دەکرێ لێرەدا زیاتر ڕوونی بکەینەوە.

وجاغ – **بنەچە / کۆر**___ نییەتی .

کەپ – **لووت/ زووڵنا**_____درێژ.

پێ َ – پێ/ڕەش – بێ ودم، بێ خێر.

ڕدێن – **ڕیش/جوو**_____ ڕیشی جووەکان.

قون __ قون/فرە___گەورە.

پێ __ پێ/ پان__گەورە و زل.

کدو __ کولەکە/شامی __ گەورە .

حەفت __ **ژمارە حەفت/ ڕوح**__ ڕوح.

شیر__خواردنەوە/پیس__ خراپ بوو.

ئەگەر سەرنج لە هەر یەك لەم وشانە بدەین، دەبینین مانای سەربەخۆیان هەیە و هیچ پەیوەندییەکییان بە یەکترییەوە نییە. کەواتا دەبێ بە جیا بنووسرێن. بۆیە دانەرانی کتێبەکە لە نووسینی ئەم وشانە بە جیا، هیچ هەڵەیەکییان نەکردووە، بەڵکو لایەنە گرامەریەکەیان ڕەچاو کردووە.

دووەم:_ڕاستکردنەوە، پەندەکان.

مامۆستا یاسین لە وتارەکەیدا ، نموونەی چەند پەندێکی هێناوەتەوە گوایا لە کتێبەکە بە هەڵە نووسراون و ئەو ڕاستیکردوونەتەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوەی کتێبەکە ڕاستە و ئەو بەشێوەیەکی دیکە لێکدانەوە و شڕۆڤەی بێ کردوون . بۆ نموونە:_
پ/10 نووسەر وشەی (نەنگی) بە شەرم لێکداوەتەوە، بەڵام لە شڕۆڤەکردنی پەندەکەدا، بە مانای نوقسانی هاتووە، واتا ماناکەی هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە و دانەرانی کتێبەکە ڕاستییان نووسیوە.

پ/20 پەندەکە دەڵێت:(مەیمون لە خۆی نەبوو خوریکەشی لێهات) مامۆستا یاسین پەندەکەی کردۆتە (مەیمون بە خۆ نەبوو خوریکەشی لێ هاتبوو) ئەم پەندە، لە ڕاستیدا بۆ ئەو دۆخە بە کاردێت کە کەسێك چەند گرفت و ناخۆشییەکی هەبێت، یەکێکی تریشی بۆ زیاد بێت. لە ڕواندز زۆرجار دەگوترێت:(کەسێك هەفت دەردی لێ بوو، پێزیشی هاتە دەر، گوتی یاخوە بە خۆر بڵێ سۆڵ لاسەر) بۆیە (خوریکەی لێهات) ڕاستەکەیە (نەك لێهاتبوو) چونکە وەك وتمان، دەلالەتە لەوەی کە دوای چەند ناخۆشی و گرفتێك، یەکێکی دیکەشی دێتە سەر. بۆیە ئەوەی لە کتێبەکەدا نووسراوە ڕاستە.

پ/54 هەر کامێکییان بێت ئاسایە.

پ/66 نووسیویەتی:([illegible]) [illegible] [illegible]. [illegible] [illegible]:(ناوەڕۆکەکەی تەنها بۆ کچ بە کاردێت، چونکە کە کچ زۆر گەڵا پەردەی کچێنی لە دەست دەدا) بۆگومان ئەمە هەڵەیە. ناوەڕۆکی ئەو پەندە نەك تەنها بۆ ژەگەزی مێ، بەڵکو بۆ ژەگەزی نێرێش بە کار دێت! چونکە ناوەڕۆکی پەندەکە، بەو مانایە دێت هەر کەسێك زۆر بگەڕێت، قسە زۆر دەکات و قسەی لێ دەردەهێنرێت و ناتوانێت نهێنییەکان بپارێزێت.
پ/97 مامۆستا یاسین نووسیویەتی:_(کەوتت بە هیچ شتێك ڕازی نین، ڕستەی لە نێو دوو بژاردەدا بە هیچ ڕازی نین زیادە) گەلێك لە نووسەرانی ئێمە، بە هەڵە دائەچن و بۆچوونییان وایە هەندێك وشە و دەستەواژە لە زمانی کوردی هاوشێوە و زیادەن. بەڵام بۆوام وایە، هیچ شتێك لە زمانی کوردی زیاد و هاوکات بێ واتاش نییە. ئەم دوو گوزارشتە کە دانەرانی کتێبەکە نووسیویانە،بابەتی و ڕاستە و لە جێی خۆی دایە. بە هیچ ڕازی نین، واتا بەیەك دنیا شت ڕازی نین، بەڵام لە نێوان دواندا، بە مانای ئەوە دێت تەنها لەو نێوەندەدا بە هیچ ڕازی نین، نەك هەمووی. دواتریش ئەو لێکدانەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ پەندەکە (نە بە خۆ ڕازییە، نە بە خۆ و ژوورێ) دوو بژاردەکە (خۆ) و ئەویتریان (خۆ و ژوورێیە) لەو دووانە بە هیچ کامیان ڕازی نییە.

پ/ 104 ئەوەی دانەرانی کتێبەکە نووسیویانە ڕاستە، چونکە ئەم پەندە وەزن و قافیەی شیعری نییە، بۆ زانیاریی نووسەر.

پ/143 لەم پەندەدا، نووسەر وشەی (قاتێر) ی بۆ ئەندامی زاوزێی ژن

بەکار هێناوە، کە ئەمە هەڵەیە و تەنها بۆ پیاو بە کاردێت. لەلای ئێمە و لە میانەی ئەو پەندەدا، قاتێر نا، وشەیەکی دیکە دەگوترێت. وەك ڕۆژنامەنووسێكی لە جەستەی مۆدێرن و ئادابێکی گشتی و کۆمەڵایەتیش، نامەوێ ئاماژەی پێ بدەم.

پ/170 (در مەشە لە گوش هەرەنیشی) ئەمە پەندە ناستەکەیە، کە دانەرانی کتێبەکە نووسیویانە و هیچ هەڵەیەکی بابەتی و زمانەوانی نییە. کەچی نووسەر بە هەڵەیەی دەزانێت ، بۆیە پەندەکەی بە کەش و سەروا ناستکردێتەوە (مەشە _هەرەنیشە) بۆ گومان پەند و ئیدیۆمەکان شیعر و چوارینە نین، تا کەش و سەروایان هەبێت، بەکو دەربڕینێکی زارەکین. هەمووشمان دەزانین لە دەربڕینی زارەکی، گوتن گرنگە نەك ڕێکخستنی زمانەوانی و شیعری.

پ/213 مامۆستا یاسین لە شێوەکردنی ئەو پەندەدا، نووسیویەتی:_(میسرییەکان کارکەر و کاسب بوون) بۆیە ناوی ئەوان بە خەڵکی گوندێك دەگوترا، وەك هێمایەك کە خەڵکی گوندەکە زۆر کاسبن. بە داخەوە نووسەر، ناستی ئەم ئیدیۆمەی وەکو خۆی نەنووسیوە. چونکە ناستییەکەی ئەوەیە کە میسرییەکان، قرچێك، پوول پەرست و هەزیلن، نەك وەك ئەوەی ئەو نووسیویەتی زۆر کارکەر و کاسبن. بۆیە ئێستاش لە ڕواندز، میسری بۆ کەسانێکی هەزیل، کە دەستییان لە پارە بەر نابێت بە کاردێت. بەڵام مەرج نییە ئەمە بۆ خەڵکی ئەو گوندە ڕاست و لە جێی خۆی بێت. چونکە خەڵکی ئەو گوندە، بە کەسانی (بە سەر و بەر، ئیداری، پاك و خاوێن و خودا پەرستی بۆ غەوغەش و ناستەقینە، کاسب کە نانی نێو چەوانی خۆیان دەخۆن، ڕۆزدار و بۆ فیز) و چەندان خەسڵەتی کۆمەڵایەتیانەی دیکەی جوان، ناسراون.
پ/216 نووسەر هەخنەی لە دانەرانی کتێبەکە گرتووە، کە نووسیویانە (قەزوان خوارادن)، بە بۆای ئەو ئەمە هەڵەیە چونکە قەزوان دەکرۆژرێت ناخورێت. بەڵام ئەوەی ئەویش نووسیویەتی هەڵەیە، چونکە قەزوان لە دەمدا دەشکێنرێت ئەوکات دەخورێت، واتا ناکرۆژرێت. ئەوەی دەکرۆژرێت جارە قەزوانێکە (بنەوشووکەی) پێ دەڵێن.

پ/229 ئەوەی لە کتێبەکە نووسراوە، ناستەکەیە و ئەوەی نووسەر نووسیویەتی هەڵەیە. چونکە پەندەکە بەم شێوەیە:_(فەقیر لێ فەقیرە با هەر برنج بە شیری بخوات) نەك (برنج بە شیرا) وەك ئەوەی مامۆستا یاسین نووسیویەتی. چونکە ئەو خۆی پسپۆڕی زمانی کوردییە، دەبوو ئاگاداری ئەوە بێت (شیرە) نەك (شیرا).

پ /282 پەندەکە دەڵێت:(ڕۆژێ ڕۆژێ ڕۆژێ ڕۆژێ ڕۆژێ) ڕۆژێ ڕۆژێ ڕۆژێ

□□□□ □□□□□□ □ □□□□□□□□□□□□:(له قالبی مشه له دەنگ گامشه) بەام ئەوەی دانەرانی کتبەکە نووسیویانە تەواوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، ناوەکی ئەو دوو پەندە جیان لە یەکتری (لە قالبی مشه لە سەری گامشه) بە منداك بە کاردت کە جەستەی بچووکە بەام سەری گەورەیە، هەرچی دەربینی (قالب مشی دەنگ گامشه) ئەمەیان ئاماژەیەکی تر دەگەیەنت. مانای وایە (منداەکە بچووکە بەام دەنگی گەورەیە) واتا ئاماژەکە پەیوەندی بە دەنگەوە هەیە نەك
سەر.
پ/312 پەندەکە بەم شوەیە:_(ئەگەر خەسوو لە بووک بە هەنجت بی، پی دەت قونا لەبەر هەویری دینی و ئەبا) بەو مانایەی ژن کە دەستی بە هەویر بوو، نابە کارکی تر بکات.
پ/396 مامستا یاسین لە یارەی ئەو پەندەوە، نووسیویەتی کە دووبارەیە و هەمان ئەو پەندەیە، کە لە ژمارە 295 هاتووە. لەاستیدا، مامستا یاسین بە هەە لەناوەکی ئەو دوو پەندە گەیشتووە. ئەمانە ناوەکەکەیان لە ووی واتاییەوە جیاوازە لە یەکتری. بیە دانەرانی کتبەکە هەەیان نەکردووە. لرەدا بە بەرچاو ووونی خونەر، هەر دوو پەندەکە دەنووسین:

پ/295 (کردییە گ ئەمەرە کری)
پ/396(بووە گ ئەمەرە کری)
ئەمانە بچی لە یەکتری جیاوازن؟ لە پەندی یەکەمدا، کەسانك کارکی ەاست و دروست دەکەن، کەسك لەو لاوەتر دت کارەکەیان تك دەدات، بەام لە پەندی دووەمدا، کارەکە هەر لەنو خیانەوە تك دەدرت، واتا بکەر لە دەرەوەی خیان نییە. بیە ئەم دوو پەندە، لە ووی ئاماژەیی و واتایەوە، جیاوازن لە یەکتری. تبی دانەرانی کتبەکە، هەەی هەندە سەیر بکەن؟ بگومان نەخر، ئەوان وەکو خیان دوو پەندی جیاوازییان کردتەوەو نووسیوە.

پ/417 (دەی عەرووسە) لە لکدانەوەی ئەو پەندە، هاوم مامستا یاسین دەیبەستتەوە بە هاتنی عروسەکان و شەی یەکەمی جیهانی. بەام ەاستییەکەی، وەك ئەوەی دانەرانی کتبەکە نووسیویانە بە مانای کەشخەیی و سر سپی و جوانی دت. ئەمەیان ەاستەکە و دروستەکەیە. ووسەکان یەکجار جوان و ناوازەن، بە تایبەتیش ئافرەتەکانییان. تەنانەت ئستاش ئەو دەربینە لە ەواندز هەر ماوە و بەکار دت و ئەگەر کەسك سر و سپی و ناسك بت، پی دەن دەری عەروسە.

پ/492 نووسەر ئەو پەندەی کە دەڵێت:(ئێمە لە کۆنەوە گوتوومانە ئەگەر ئێمە ڕاستیەکەی، ئەوەی کتێبەکە ڕاستە و ئەوەی ئەو نووسیویەتی هەڵەیە. مەبەست لە ناوەڕۆکی ئەو پەندە ئەوەیە، کە کەسانێك ئەوەندە زۆرزان و بە بلحاتن، کل لە چاوی کەسەکان دەکەنەوە بەبێ ئەوەی کەسەکە هەستیشی پێ بکات. وەك ئەو پەندەی کە دەڵێت (بەزی لە قۆچێ کاتێ) یاخود (کورتانی لێ مێشێ ئەدروی) ئایا کێچ بە خێی هەیە تا بەزیشی هەبێت؟ مێشیش کورتانی بێ دەبێت؟ نابێ ئەوەمان بیر بچێت زۆر جار بەشێك لە پیاوەکانیش کل لە چاویان دەکەن.
پ537/ ئەوەی دانەرانی کتێبەکە نووسیویانە ڕاستە. پەندەکە بەم شێوەیەیە:(ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئێمە ڕاستی ئەوەمان پێ بڵێن ئێمە ناچینە ناو ئەو کارەوە. ئێمە ئەگەر ئێمە ڕاستی ئەوەمان پێ بڵێن ئێمە ناچینە ناو ئەو کارەوە. ئێمە ناچینە ناو ئەو کارەوە:(خێ ئەحمەد قەدێی موسێ نیم) وەك ئەوەی مامێستا یاسین نووسیویەتی.

پ537 لەم پەندەدا، نووسەر بە شێوەیەکی ڕەها ئەوە دەرە بڕێت کە وشەی (قەدێ) لە ڕواندز بە هیچ شێوەیەك بەکار نایەت. بەڵام بێ زانیاری نووسەر و خوێنەرانیش، زۆرجار ڕواندزییەکان لە خێشەویستی ناوی ژنانەی (قەدری) دەکەنە (قەدێ). وەك چۆن ئامینە دەکەنە (ئامێ) ، ڕابی دەکەنە (ڕابێ) ، مریەم دەکەنە (مرێ) ، گولیزار دەکەنە (گولێ) ، فاتم دەکەنە (فاتێ) و زولەیخا دەکەنە (زولێ) ، عائیشە دەکەنە (عەیشێ) ، خەجیج دەکەنە (خەجێ) ، بەهییە دەکەنە (بەهێ)، فەخرییە دەکەنە (فەخێ) ، نەجیبە دەکەنە (نەجێ) بەم شێوەیەش قەدری دەکەنە (قەدێ). لێرەدا ئێمە کارمان بە ناوەڕۆك و لێکدانەوەی پەندەکە نییە، بەڵکو مەبەستمان بڕچوونەکەی نووسەرە، کە نووسیویەتی قەدێ لە ڕواندز بە کار نایەت.

پ540/ نووسیویەتی:(کەریان پێ گاو بانگیشیان لێ ڕاهاوێشت) نووسەر وێرای ئەوەی وشەی (لێ ڕاهێشت) ی کردێتە (لێ ڕاهاوێشت) کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەنگە و دروست نییە، هاوکات ناوەڕۆکی پەندەکەشی بە هەڵە نووسیوە. چونکە پەندەکە بەم شێوەیە:(کەریان پێ گاو بانگیشیان پێ ڕاهێشت) ئەمە بەو مانایە دێت، کە کەسانێك کارێکی خراپ بە کەسێك دەکەن و دواتریش دەیخەنە ئەستێی کەسەکە خێی و خێیانی لێ بێ بەری دەکەن.

پ574/ هیچ هەڵە لەو پەندە نییە، کە دانەرانی کتێبەکە نووسیویانە.(کونە فرە) واتا ترسنۆك، قوون فرە.

پ /809 وەك باسمان كرد ئەدەبی زارەكی چونكە زارەكییە، ئەوا ناتوانین كۆنسێپتێكی گرامەری بۆ دابنێین، بە داخەوە ئەم تێگەیشتنە، بۆتە هۆكاری ئەوەی یاسین برایم لە زۆر شوێندا هەڵە لە نووسینەكەی بكات. وەك ئەو پەندەی كەدەڵێت (دوور و قڕە). نووسەر قڕی بە قڕی باسك لێكداوەتەوە، بەڵام لەم ڕستەیەدا واتاكەی تەواوە. چونكە وشەكە بە مانای (قڕە) دێت واتا قووڵایی. بۆیە دانەرانی كتێبەكە هەڵە نین لە نووسینی وشەكە.

پ/ 857 ئەوەی لە كتێبەكەدا هاتووە، واتا (نانی ئێهڵایی نییە) ڕاستە و ئەوەی مامۆستا یاسین دەیڵێت (نانی ئیلاهی) هەڵەیە. چونكە لە پەندەكە، وشەكە (ئێهڵایە) نەك (ئیلاهی).
پ/879 ئەم پەندە هیچ هەڵەیەكی تێدانییە، لە ڕووی هەڵەی زمان و ڕێنووسەوە، نازانم بۆچی مامۆستا یاسین بە هەڵەی داناوە؟

سێیەم/ پیتی (س) و (ص).

لەم وتارەیدا، هاوڕێم مامۆستا یاسین بە شێوەیەك دەنووسێت، بە داخەوە وەك ئەوەی ئاگاداری شێوەزاری ڕواندزییان نەبێت. بۆگومان ئەو یەكێكە لەو كەسە خەمخۆرانەی شار، كە لە بواری مێژوویی و ڕۆژنامەوانی و فەرهەنگی، گرنگییەكی زۆر بە شاری ڕواندز لە هەموو ڕووكەوە دەدات. بۆیە بۆوام وایە پەلەی كردووە لەم وتارەیدا دەنا نەدەكەوتە ئەو هەڵانەوە. بۆ نموونە نووسیویەتی:_(ڕواندزییەكان وشەی سەگ بە كار ناهێنن) بەڵام بە پێچەوانەوە، ڕواندزییەكان، دەیان و سەدان جار، بە گاڵتە یا كاتی تووڕەیی بێت، بە یەكتری دەڵێن (سەگی سەگباب) ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە، بە بۆوای نووسەر هەندێك وشە دەبێ بە (س) بنووسرێن و نەكرێنە (ص). لە ڕواندزەی فەرهەنگی و گرنگیدان بە زمانی ستاندار، ڕایەكی دروست و لە جێی خۆیە، بەڵام بەشێكی زۆری ئەم وشانە، لە ڕووی گێكردنەوە بە پیتی (ص) جوانتر دێنەوە لە ڕووی زمان و دەربڕینەوە نەك بە پیتی (س)، وەك: (صاڵح/ صدیق/صباح/ صادق/ صندوق/ صەوەفان/ صدقی/ صافیە/ صۆفی/ صاروخ / صێندە/ صوتفە/ قەصد/ صەیب) و زۆر وشەی تریش. بۆیە ئەوە نییە زمانی كوردی پێویستی بە پیتی (ص) نەبێت. تەنانەت ئەگەر (سدیق) و(ساڵح) گێ بكەیت، زۆر بە ئاسانی لەنگیی زمانەوانی هەست پێ دەكەیت. بۆیە ناتوانرێت هەموو پیتێكی (ص) بكەیتە (س) وەك ئەوەی ئەو نووسیویەتی.

چوارەم:_ناونیشانی بەرگ.

هەخنەیەکی دیکەی نووسەر لە کتێبەکە ئەوەیە، کە نابێ ناونیشانی بەرگ بە جیایی بنووسرێت، بەڵکو دەبێ ناونیشانەکە هێستەیی بێت. با هاوونتری بکەینەوە. ناونیشانی کتێبەکە بەم شێوەیەیە:_

ئیدیەم لە

هاوندز

و دەوروبەری

بە بڕوای نووسەر دەبوو (هاوندز_ و) بەیەکەوە بوونایە بەم شێوەیە:

هاوندز و دەوروبەری

بڕگومان بەرگی هەر کتێبێك، بەشێکە لە کاری هونەرکاریی و دیزایین. هاووپەیی بەرگ، چەند جوانکاری وهونەرکاریی تێدا بێت، ئەوەندەش دەبێتە جێی سەرنجی خوێنەران. نووسینی سەربەرگی پێشەوەی کتێبەکە، نە لە هاووی نووسینەوە، نە لە هاووی هونەرییەوە، هیچ هەڵە نییە. ناونیشانی هەر کتێبێك، بە چ فۆنتێك، بە چ زمانێکی کوردی کیبێرد، بە چ شێوەیەك دەنووسرێت، زۆر ئاسایە. چونکە نووسینی سەر بەرگ، بەشێك نییە لە پەیەگرافی نووسین تاکو لە هاووی هەزمانییەوە تێك بەستنەوەی بێ بکرێت. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر ناونیشانی سەربەرگەکە بووە بەشێك لە پەیەگرافی نووسین و لە پشتەوە و پێشەوەی هێستەی دیکە هەبوو، ئەوا نابێ بەم شێوەیە بنووسرێت:_

ئیدیەم لە
هاوندز
ودەوربەری

چونکە ئەو کات هەسای نووسین و بینای هونەری و زمانەوانی دەق دەشێوێت. بەڵکو دەبێت بەم شێوەیە (ئیدیەم لە هاوندز و دەوروبەری) بنووسرێت. بۆیە نووسینی سەر بەرگەکە، هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە.

پێنجەم:_چۆنییەتی هەڵکەندنی پەندەکان.

نووسەر بەچوونی وایە، کە دەبوو دانەرانی کتێبەکە پەند و ئیدیەمەکانییان بە شێوەی (ئەبجەدی) پیت لە دوای پیت دابنایە نەك هەڵەمەکییانە. بە بڕوای ئەو، تا پەندێك دەدزیتەوەدە بێ هەموو کتێبەکە بگەڕێیت. بڕگومان لێرەدا بێ بەرچاو هاوونی نووسەری

وتارەکە و خوێنەرانیش، گرنگە ئەوە باس بکەم کە نووسین و دانانی پەندەکان، نابێ بە شێوەی ئەبجەدی بێت. ئیدیەم و پەندەکان، فەرهەنگی زمانەوانی و وشەیی نین تاکو بەو شێوەیە لێك بخرێن، بەڵکو بەشێکن لە ئەدەبی سەر زارەکی کە کۆنەکراونەتەوە نەنووسراون. بۆیە ئەمە نەك هەر ناچێتە خانەی هەڵەوە، بەڵکو ئەو شێوازەی ئەوان نووسیویانە ڕاستە. گریمان ئەگەر ئەوان ئەو کارەیان نەکردایە، ئەو کاتیش هەروەها بە پەرش و بڵاویی و نا فەرهەنگییەوە ئیدیەمەکان نەدەهاتن؟ بۆیە دەبێت ستاییشی ئەو بەڕێزانە بکرێت، کە کات و وزەی خۆیان بۆ دانان و ڕێکخستنەوەی ئەو پەندانە تەرخان کردووە و لە فەوتان پاراستوویانە.

شەشەم:_ هەڵەی تایپ و نووسین.

بە داخەوە هەڵەی تایپ و نووسین، ڤایرۆسێکی کوشندەی نێو دنیای نووسین و بڵاوکردنەوەی ئیمەن. زۆر بە دەگمەن ڕێکدەکەوێت خوێنەر کتێبێك بخوێنێتەوە، هەڵەی تێدا نەبێت. تەنانەت من خۆم وەك خوێنەرێك کتێبم خوێندۆتەوە، هەشت کەس بەرلە چاپکردنی خوێندوویەتییانەوە کەچی دەیان هەڵەشی تێدابووە. نە نووسینەکانی من، نە هی هیچ نووسەرێکیش، خاڵی نیین لە هەڵەی خاڵبەندی و تایپ و چاپ. بۆیە ئەم بابەتە بە بۆای من (هەرچەندە نەگونجاویشە) لەوە دەرچووە وەك شتێکی ناوازە و هەڵە بیبینین. بەڵکو بۆتە بەشێك لە ڕێتینی نووسین. نووسەر ئەگەر چی ڕەخنەی ئەوە لە دانەرانی کتێبەکە دەگرێت کە هەڵەی چاپ و ڕێنووسییان هەیە، بەڵام هەر خۆشی لە نووسینەکەی خۆیدا، هەڵەی کردووە، کە ئاماژەیان پێ دەدەین:_

هەڵە	ڕاستکردنەوە
درا	دڕا
کێشتار	کوشتار
قاڵە	قالە
ڕاهاوێشت	ڕاهێشت
بەڵرە	بالڕە
چێندە	صێندە
جەنگی یەکەمی جیهانی	جەنگی یەکەمی جیهانی
سەرەووە	سەرەوە
دەستنیان کردووە	دەست نیشان کردووە

هەی چاپ، بە ئاسانی بەرزەفت ناکرێت و سات وایە چەندین جار پێداچوونەوە بۆ کتێبێك دەکەیت، کەچی هەشی هەر تێدایە. لە کۆتاییدا، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم، کە کۆکردنەوەی ئەو ئیدیۆم دەربڕینە میللییانەی ناوچەی ڕواندز و دەوروبەری، کارێکی فەرهەنگی گرنگە و جێگەی دەستخۆشییە.

سەرنج:

- ئەم وتارەی هاوڕێم (یاسین برایم) لە ماڵپەڕی دەنگەکان، ئەرشیفی بابەتەکانی مانگی فێبریوەری هەیە و خوێنەران دەتوانن بگەڕێنەوە سەری.
** نووسەر چونکە لەوتارەکەیدا، هەر بەپەند ناوی دەربڕینەکانی هێناوە، ئیدی ئێمەش هەر بەپەند نووسیومانە. دەنا مەرج نییە ئەوانە هەموویان پەند بن!

ڕواندز_ کۆتایی نیسانی 2021

پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ.. جەلالی میرزا کەریم

1
بۆچی؟ ئۆبۆ. هۆموو جارێ
گشت بۆهارێ
ساڵ. لێ دوای ساڵ،
((ساڵی خۆشەمێش و زووخاێ))
لێسای بۆچکێی یادکا..
((یادێك بۆ باێ))
خێری تێزیو
بکێین بۆسنگی مێژووا
نێء، لێناو گێرووی زامکا.
((زامکی تاێ))
بۆستێی ێزیو
بکێین بۆگیانی مردووا.

؟؟؟
بەچی؟ ئەبە. کاسەسەری
شەق کراوی
ژەر ئەرخەوانی بە بەری
بەخوەن تەی
تەمەنی خەزگەی وەە بووەمان
لەچەرخی تازەی بیستەما
بە سەبەری.
گیانی زەردەشتی کوژراومان
بە ئاوەستای هەەواسراوی
ناوخەری ئاەای سووتاوی
ئاسمانی بە سەروشوەنمان
بەتە سەما.
؟؟؟
2
هاوەەکانم!
بەهاری ئەم کوردستانە
هەشتا تینووی کانیەکە
نەتەقیوە.
دەنگی ژانی ئەم شارانە
چاوەەەی گەرانیەکە
هەشتا کاروانی قوربانی
دەەەکانی.
نەچنیوە.
؟؟؟
3
هاوەەکانم!
پرسیارمان هەزار و یەك
کوردستانمان
چاوەەەوانی گەدەیەکە
چاوەەەوانی مەزدەیەکە
چاوەەەوانی گوللەیەکە
سنگی ەەگای ئاسمانی ون
هەەتەکەنە.
ەاست کاتەوە
پەیکەری (ەاستیی) سەروبن.
؟؟؟

4
هاوڕێکانم!
هاتنی گەڵاوێژی هاوڕێمان
بیری ئەو
خوێنی ئەو
وتە و کرداری نوێی ئەو
قوربانیی (کاروانی وشەی ڕاچڵەکیو)ی
ئەمڕۆی ئەو
شیکردنەوەی (کافەیەک
ژانی تووڕە)ی ئەمڕۆی ئەو
(ڕۆژمێری) سووتێنراوی
ئازاری (پێشمەرگە)ی ئەو
هەڵهاتنی (خەرێکی یاخیبووی ئەو)
تەڵەی زامی
گیڤارای نوێی. نێك كوردستان
نێك بەلیڤیا. هەموو جیهان
بەکو جیهانی نوێی ئەو.

*بەاوكراوەی ڕوانگە، ژمارە (2) 1971.

چاورێی هاتنتم.. کەویار محمد

ساتە ,لە خەیاڵما نیگاکانت گیر ئەبن و ناڕۆن
ساتە, بڵنت لە ژێر هەناسەمەوە لاناچێ
ساتە, دەنگی پێیەکانت بە لای ناخم بەڵێ ئەکەوێ
دەرگای ژوورەکەم دا ناخەم ,و چاوەڕێی هاتنتم
بەم شەوە بارانارویە
کەچی دەنگێك لەپەنا سەرمەوە پێم ئەڵێ نایەت ,و نەهاتی
بە ئاوازی تانگۆ سەما بۆ باڵات ئەکەم
وە تەش بە چاوانی پڕ لە نامۆیی لێم ئەڕوانی
دەستەکانم هەتا بنمیچی ژوورەکەم بەرز ئەکەم
ئەمەوێ بە دیوارەکان بڵێم من باڵندەیەکی پڕ لە ئیرادەم
نووکی پێم وەکو شەپۆل ئەخلیسکێنم بە زەوی

ئەمەوێ بڕۆم ,من مەڵکم گیرساوی هیوام
دڵپە بارانا ویەکان ئەمشەو
بەرە بەرە دێنە ژوور,و منیش لە سەما ناوەستم
پەنجەکانم لەگەل ئاوازی ڕووحم ,موزیك ئەژەنن
ڕووحم ئەکەوێتە بیری قووڵی زەینمەوە
ئاوێتەی هەناسە گەنیوەکانی ئاسمانە ,ئەمشەو
منیان مەست و شێت کرد, لە دووری ئەو
هەتا ئەمشەو تەواو ئەبێ نامەوێ چاوەکانم بکرێنەوە
لە بێ ئۆقرەیی من هیچ بەدی ناکەم, جگە لە وێڵی
باڵە شکاوەکانم وەسفی کێ ئەکەن
لە تاو تێ هاواری چی ئەکەن!
کاروانی هەناسەم هەتا پەنا سەرینەکەتەوە دێت
کە ئەبینم بە ئاگایت و چاو ناکەیتەوە
شعوری ناخم ماتی دای ئەگرێ ,و ئەگەڕێتەوە
بێ هێلانەکەی ,و هەتا ڕۆژهەڵدێ ئەگیرسێتەوە
.....
نووسین: کەویار محمد

کۆمەڵگەی مەدەنی یان کۆمەڵگەی ئینسانی؟.. حەمید تەقوایی.. وەرگێڕانی کاوە عومەر

چ چەرکەمەڵگەیەک وەبچ تایبەتمەندیەک دەتوانێت وێنا مامی ئەو کیشانە بداتەوە کە بەرکی بە ئینسانەکان گرتوە ؟هەندێک پێیان وایە گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و بەدەست هێنانی بە بیاننامەی مافی مرۆڤ بەس بە ئەم کارە.دیموکراسیە ڕۆژئاوایەکان سەرباری کۆموکۆتیەک کە هەیانە بە نمونەی کۆمەڵگەی دەخوازیان دەهێنن وە.هەندیکیش لە ناویاندا کۆمەنیزمی کرێکاری بەچارەسەری ئەو کێشەیە چارەیەکی تر پێشکەش دەکات،کۆمەڵگەی ئینسانیە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا چەوسانەوەی ئینسان لە لایەن ئینسانەوە هەڵدەوەشێتەوە و یەکسانی نیوان ئینسانەکان نێک هەر لەوی یاسایەوە بەکو

بکردەوە و لە روی ئابوریشەوە مەیسەر دەبێت. ئەوانە خوازیاری کۆمەڵگەی سۆسیالیستیشن، هەر لەم بارەیەوە گفتوگۆکەمان لەگەڵ حەمید تەقوایی دەست پێدەکەین.

خەلیل کەیوان: پێخۆش لە کۆمەڵگەی مەدەنی بابەت وباسکی کۆنە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەوڵێک لە سۆسیالیستەکان دەستیان بە پێخۆشگرتن لە کۆمەڵگەی مەدەنی بردەو خوازیاری لەوە باشتر بون. مارکس لە تێزەکانی فیورباخدا دەڵێت "دیدگای ماتریالیزمی کۆن کۆمەڵگەی مەدەنییە". ئەوش لە نوسین وقسەوباسکانتاندا چەندین جار باسی هەمان بابەت تان کردەوە پیداگریت لەسەر کۆمەڵگەی ئینسانی و حکومەتی ئینسانی کردەوە. بۆچی کۆمەڵگەی ئینسانی؟

حەمید تەقوایی: کۆمەڵگەی مەدەنی ئینسانی نیە. بەو مانایەی کە شوناسی ئینسانی شتێکی کۆمەڵایەتیە و کۆمەڵگەی چینایەتی لەگەڵ ئەم شوناسدا ناکۆکە.
ئینسانەکان نەک تەنها لەلایەنی پەیوەندی و بەنەکان و زمان و کەلتورو بیرکردنەوە و بگشتی لە هەوی زهنی و دەرونییەوە بەکو تەنانەت لە هەوی بایەلۆجیشەوە زادەی کۆمەڵگەن. ئینسان بەبێ کۆمەڵگە ئینسان نیە. ئەمە ئەگەر بکۆمەڵایەتی نەژیابین
نە مشکمان بەو ئاستە کامە دەبوو و نە توانای قسەکردنمان دەبوو و نە ئەگەری بون و مانەوەمان هەبوو لەبنەڕەتدا. مانەوەی ئینسان منەتباری بکۆمەڵایەتی ژیانکەیەتی. ئەگەر بشتێک هازی ببین وەک خودی ئینسان، ئەم خودە کۆمەڵایەتییە.

کۆمەڵگەی مەدەنی لەدژی ئەم خودە ئینسانیە هادوستە بەهەی ئەوەی کە شناسی چینایەتی ئینسانەکان دەکاتە بنچینە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەسەر چینەکاندا دابەشکراوە نایەکسانی کارێکی بەدامەزراوەی کراوە. و ئەم نایەکسانیە دەبێتە هۆکارێک کە شوناس گەڕێک جگە لە شوناسی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان بڕجەستە ببێتەوە و ببێتە پیۆر. شوناسە دروستکراوەکانی وەک شوناسی میللی و شوناسی ئاینی، شوناسی قەومی و هەگزی وتەنانەت جندەری ، هەڵاواردن کە لەنیوان ژنان وپیاواندا کەلە هەموو کۆمەڵگاکاندا بونی هەیە. هەڵاوادنکی هەگزی کە هەر ئەمە لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئەمریکا لەنیوان سپی پێستەکان وسپی پێست وهەموو پێست ڕەنگینەکانی تردا هاوار دەکات، یا هەڵاواردنی نەتەوەی و ئاینی کە بەتایبەتی لە وڵاتانی هەژهەڵاتی ناوەڕاستدا کارساتی خولقاندوە، ئەمانە هەموی دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی مەدەنیە.
ئەگەرچی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەوی حقوقیەوە مافی هاوڵاتی بونی

یەکسانی بەسەمی دناسەت بەلام لە ەوی کەمایەتی وئابوری و بەشەوی واقعی و کردەیی یەکسانی ئینسانەکان پشەل دکات و ئەمش دبەتە هکاری ئەوی کە تایبەت مدنی وشوناسی کەمایەتی ئینسانەکان،شوناسی جیهانداگری ئینسانی،لەناوببرەت،ئیوە ئەمە لە کردەوەدا لە سیاسەت و لە ئابوری و کلتور و ەوشتکان و لە ئاین و ناسیونالیزمی دسەاتدار لە کەمگەی چینایەتیدا بە ئاشکرا دبینیت.لەهموو ئەم لایەنانەوە تاک وەک بونەوەریکی یەکسان لەگەڵ ئەوانی تردا بە شوناس و پەوستیەکان و ئاواتی یەکسان و جیهان داگری بە سەمی ناسرەت.ئینسانەکان لە کەگەی مدنیدا پیش هموو شتیک بەسەر چینە جیاوازەکاندا دابش دکرەن و دواتر بە ئاین ومیللەت و نەتەوە و ەگەزی جیاواز،هموو ئەمانش سەرچاوەی جرەها زوەم و هاواردنن لە کەمگەی مدنیدا.لەم ەوەیە کە مارکس دەت ئەبەت لە کەمگەی مدنی زیاتر بەیت و بگەیت بە کەمگەی ئینسانی.کورتەی باسەکە ئەوەیە کە خودی چینایەتی بونی کەمگەی مدنی دبەتە هکار بە ئەوەی کەکەمگەیەکی ئینسانی نەبیت.

ئەو کەمگەیەی کە دمانەوەت کەمگەیەکە کە چینەکان لەناوچون و ئەمش پەویستی هەوەسانەوەی هرجرە ستەم و چەوسانەوەیەکی ئابوریە.ئەمە کویلایەتی کرە و خاوەندارەتی تایبەت بەسەر هەیکانی بەرهەمهنانداهەدەوشنینەوەو ەژەمی ئابوری بدەوری دابینکردنی پەوستیەکانی هموو هاوەاتیاندا ەکدەخین و ئەمە بنەمای کەمگەی ئینسانی جگە سەرنجی ئەمیە.واتە کەمگەیەکی سەسیالیستی. خەی وشەی سەسیالیزم دەلالەتکی لەسەر ەسەنایەتی کەمگە تدایە.ەسەنایەتی کەمگە بەو مانیەی کە شوناسی کەماتی و جیهانداگری ئینسانەکان پەوانیە نەک شوناسی میللی و ئاینی و نەتەوەی کە بەسەریاندا دابیون .کەمگەی ئینسانی ناتوانەت جگەلە کەمگە سەسیالیستی مانایەکی تری هەبەت.

خەلیل کیوان:وادیارە ئەمە ەاستیەکیە.کەمگەی ئینسانی هەمان کەمگەی سەسیالیستیە.بەام ئەمە بەرهەستکارانەکی لە ناو چەپ و کەمنیستەکان و تەنانەت لەناو کەمنیزمی کرەکاریشدا هەیە.چەپەکان دەن"کەمنیزم ەبازو مەرجی ەزگاری پرلیتاریایە""نەگەیشتن بە کەمگەی ئینسانی بەو شەوەی کە ئەو دەیەن.بە بەشەک لە کەمنیزمی کرەکاری کە منسور حکمەتیش سەرچاویانە ئەمە بیرەکیەکی تەواونیە،منسور حیکمەت باسی ئەو دەکات کە 'بناغەی سەسیالیزم ئینسانە".لە قسەوباسەکیدا لە ستەکهەم تەنانەت دەت:زنجیری هەر ئینسانەکی ەاستگە بکەیتەو بەلشەفکەک-

سۆسیالیستێک-کی تووندڕەوی لە دژتەدرەوە. بەرامبەر کاتێک تۆ تۆکید دەکەیتەوە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری خەبات دەکات بۆ کۆمەڵگەیەکی ئینسانی وحکومەتی ئینسانی،لەگەڵ تەدا هاوڕا نین. بۆچی؟ بۆچی ئێوانە بۆچونێکی تریان هەیە؟

حەمید تەقوایی: بەهەی ئەوەی کە لە سەدەی ڕابردودا جۆرە چەپێک بوبێ ئەقڵەی بنەڕەتی کۆمۆنیسزم کە بۆجیاوازی نیوان کۆمۆنیزم وئینسانیەت ڕازی بوو.چەپێک کەلە ڕاستیدا تێگەشتنێکی هەڵەی لە چینایەتی بونی کۆمەڵگە هەبوو.ئەوە ڕاستە کۆمۆنیزم لەبازی ڕزگاری چینی کرێکارە بەڵام ڕزگاری چینی کرێکار بەستراوەتەوە بەڕزگاری هەموو ئینسانەکانەوە. ناوەرکی مارکسیزم ئەم باوەڕەیە کە چینی کرێکار بەبێ ڕزگارکردنی هەموو کۆمەڵگە ناتوانێت کە ئازاد بێت،ئازادی چینی کرێکار لە گروەی لەناوبردنی پێگەی چینایەتی خۆی و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدایە.لە بۆچونی سیاسی و لە پراکتیکی خەباتکارانەی کۆمۆنیستەکاندا ئەبێت بتوانن بەشی زۆری ئەو خەڵکەی کە بەرژەوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لە دەسەڵاتی سەرمایەداریدا نیە لەگەڵ خۆیاندا هاوڕابکەن.ئیوە ئەبێت ئاسۆیەک لەبەردەم کۆمەڵگەدا دانین کە تیدا نەک تەنها ستەم وکۆیلایەتی کرێ بەڵکو هەموو جۆرە هەڵاوردنێک لەناو دەچێت.هەموو جۆرە نایەکسانیەک لەناودەچێت.نایەکسانیە میللی وئاینی و ڕەگەزی و قەومی جەندەری وهیتر وهیتر کە هەر ئێستا لە هەموو جێگایەکی دونیا و بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەی ئێراندا بەداد دەکات.چینی کرێکار ئامای لەناوبردنی کۆمەڵگەی چینایەتی بەرز دەکاتەوە وهەموان لەم کارەدا سودمەندن .هەوڵشاندنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی واتە لەناوبردنی هەموو ئەو جیاکاری ونایەکسانیانەی کە دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی چینایەتی وپێوستن بەماناوەی ئەو.
لەسەر ئەم بنەمایە ئەبێت بڵێین ڕزگاری چینی کرێکار واتە ڕزگاری کۆمەڵگە.و ئەم بنەمای سۆسیالیزمە کە ڕایدەگەیەنێت لەگەڵ ڕزگاری چینی کرێکاردا مۆژوی نوێی واقعی کۆمەڵگە دەست پێدەکات.بەو مانایەی کە ئینسانەکان لە کۆت وبەندی هەتا ئێستای کۆمەڵگەی چینایەتی ڕگار دەبێت و وەک مارکس دەڵێت"کۆمەڵگەی مرۆقایەتی یان ئینسانیەتی کۆمەڵایەتی بەوە"جەبەجێ دەبێت.کۆمەڵگەی چینایەتی بناغەی لەخۆنامۆبونی ئینسانەکان.ئینسان گەلێک لەبەر ئەوەی کە شوناسی کۆمەڵایەتیان لەناوچوە و یەکسانی و بەرانبەری لەگەڵ ئەوانی تردا نابینن لە پرسەی بەرهەمهێنان ولە هەموو کۆمەڵگە و لە پێوەندیەکان وکارو کاردانەوەی کۆمەڵایەتیدا خۆیان بەنامە دەبینن.هەر لەرەوەیە کەئاین دژتە ناوەوە.ئەبێت بڵێنی بەهەشت لە

دونیایەکی تردا بە ئینسانەکان بدەیت بەئاوەی بە دڵخۆی ئەم دونیایە ئازی بین. بەڵام جۆرە ژیانی ئەم دڵخۆشکردنی ئینسانەکانە بەسەر چینەکاندا.
چینی کرێکار داوای ئەو ناکات کە هەموان دەبێت ببنە کرێکار،خواستی ئەوەیە کە هیچ چینێک بوونی نەبێت.چینی کرێکار بەڵێناوبردنی سەرمایەداری لە ئاستیدا بوونی چینایەتی خۆشی لێناودەبات.
بەڵام بەداخەوە لەناو زۆرێک لە کۆمۆنیستەکان و یان بانگەشەکارانی کۆمۆنیزم لە سەدەی ئابردودا هەوانەن دروست بوو کە هیستاش لەناو هەندێک لە هێزە چەپەکاندا بوونی هەیە کە کرێکاری یان پڕۆلیتاری بوونی سۆسیالیزم و کۆمۆنیسزم لەگەڵ ئینسانی بوندا بەناکۆک دەبینن.مەیلێک کە پەیوەندی بەنبڕیەک وئۆرگانیکی نێوان خەبات لە پێناو ڕزگاری چین وخەبات لەپێناو رزگاری هەموو کۆمەڵگەدا نەبینێت و هەر بەوهەیەوەیە کە ناوەرکی ئینسانی سۆسیالیزمی قبوڵ ناکات..لەکاتێکدا کە بنەمای کۆمۆنیزم ومارکسیزم هەر ئەمەیە.جۆرەی ڕزگاری بەخشی مارکسیزم و کۆمۆنیزم وئەوەیە کە ئیرادەت هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاربکات.
هەر ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ لەبەرچاو بگریت.یەکێک لە گرنگترین ئەو کێشانەی کە مرۆڤایەتی ئەمڕۆ لەگەڵ بەرەوەو پیسبونی ژینگە و مەترسی لەناوچونی گەی زەویە.وەڵامی ئەمە سۆسیالیستەکان هەیانە.تەنانەت بیرمەندانی واقیع بینی بۆرژوازیش دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کە سۆسیالیزم دەتوانێت ڕیگەچارەی لەناوچونی گەی زەوی بێت.تەنانەت کەسانێکی وەک ئاغای بیل گیتس بۆئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندووە ئەوکاتە کەسانێک کە خەیان بە سۆسیالیست و کۆمۆنیست ناودەبەن و ڕزگاری ئینسان شتێکی پەیوەندیدار بەخەیانەوە نازانن.جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە کە تەنانەت ئەگەر کەسێک باوەڕی بەوەیە کە تەنها ئەبێت چینی کرێکار ئازاد بکەیت ئەبێت ئەو ڕاستیە ببینێت کە چینی کرێکار بەبێ ئازادی هەموو کۆمەڵگە،ئەوەی کە ئەمە بە لەسەدا نەوەدو نۆکان ناویان دەبەن ئازاد نەبن و ئەمە مانای ئەوەیە کە چینی کرێکار خەبات بە ڕزگاری مرۆڤایەتی دەکات.
ئەوە کە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی وکۆمەڵگەیکی ئینسانیە و شێوشی سۆسیالیستی شێوشکی ئینسانیە نیشاندەری قوڵی ڕادیکالیزمی سۆسیالیزمە.لە ڕوانگەی منەوە سۆشیالیزم وئینسانیەت بەتەواوەتی هاوواتان.بەتایبەتی ئەمە ئەگەر کەسێک قسەڵە ئەمانیزم و ئینسانگەرایی دەکات ناچارە کە سۆسیالیست بێت.هیچ ئەمانیستێکی جدی ناتوانێت باوەڕی بەوە هەبێت کە لە سەرمایەداریدا ئەتوانێت بە ئامانجی خۆی بگات. وەک ڕۆژ ڕونە کە ئەبێت سەرمایەداری تێک بشکێنیت،ئەبێت سەرمایەداران لە دەسەڵات بهێنیتە خوارەوە تا

بتوانیت ئامانیزم بەمانای واقیعی وشەکە واتە ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری ئینسان مەیسەر ببێت.

خەلیل کەیوان: بەڵێ بەرچاوگرتنی بارودۆخی وڵاتی ئێران کە حکومەتێکی سەدەکانی ناوەڕاستە تێیدا بانگەشەی خودی عەلمانی کردنەوەی بەیاننامەی مافی مرۆڤ و گێشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەرەوپیش چون نیە؟وەهەر بەو دەلیلە بەرگری کردن کۆمەڵگەی مەدەنی نابێت ئەرک وئامانجی دەستبەجێ بێت؟

حەمید تەقوایی:ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی حکومەتێکی سەدەکانی ناوەڕاستی کە پشت بەستوە بەدەسەڵاتی ئیسلام و هەموو بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەناوبردوە.بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەبێت ئێمە بەکۆمەڵگەی مەدەنی ڕازی ببین؟ئامانج و ئاسەی ئازادی ویەکسانی واقیعی بخەینە لاوە و بەکۆمەڵگەی چینایەتی و کێلایەتی کۆن ڕازی ببین بەو هەموو جیاکاری و کارەساتەی کە ئەو هەکارەکیەتی؟بەدنیاییەوە کۆمەڵگەی مەدەنی لە دژەخێک کە کۆماری ئیسلامی خولقاندویەتی پێشکەوتوترە بەڵام بە ڕاونینی من ئەوە ڕەگای ڕزگاری کۆمەڵگە نیە.هەڵک هەر لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دڕندەترین و خراپترین جۆری حکومەتی بەرژوازی نوێنڕایەتی دەکات ئەبێت بە واتاترین و ماکزیماڵیستی ترین ئامانجکانەوە بچینە جەنگیەوە.لەهەمانکاتدا کۆماری ئیسلامی لەبەرانبەری خەیدا کۆمەڵک بزوتنەوەی شکە پێداوە کە داوای پێشکەوتوترین و ئینسانی ترین پێوەندین.بەنمونە لە ڕەوبەوبونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ئایندا تەنها داوای سیکوڵاریزم بەس نیە.خەڵک داوای پێچانەوەی دژگاو دوکانی ئاینن لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەیاندا،لە دەستیوەردان لەژیان و پێوەندیە کەسی و تایبەتیەکانی خەیان و لە کەلتور و ئەخلاقیاتدان.ئەمە ئاین تەنانەت لە کۆمەڵگەیەکدا کە خەی بەسکوڵار دژانەت،لە زۆر لایەنەوە هەناوەتە پیشەوە.کەشمەکەش و جیاوازیەکان و شەڕ ئاینیەکان و بگشتی فەلسفەیەک کە شوناسی ئینسانی بەرجەستە دەکات لە سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژ ئاوادا جێگای بەرجەستەی پێداکردوە .لەکاتێکدا کە زیاتر لە چل ساڵە حکومەتی ئیسلامی بوتە هەکاری ئەوەی کە خەڵک پێبەرن بە بنەمای کۆنەپەرستی و دژی مرۆڤانەی ئاین و داوای ئامانیینی ئاین بن لە هەموو لایەنەکانی ژیانیاندا.
خاڵێکی تر ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر بە کۆمەڵگەی مەدەنیش ڕازی ببین،ئێران لەگەڵ هەبونی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا هیچ کاتێک وەک کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانی لێنایەت.لە شێشی مشروتەوە تا ئەمڕۆ خواستی کۆمەڵگەی مەدەنی باسکراوە بەڵام هیچ کاتێک بەئەنجام

نگەیشتوە و دیکتاتۆر دوای دیکتاتۆرمان هەبوە. هەکار چیە؟ هەکاری ئەم کارە دگەیتەوە بە پەداویستی قازانج هێنەری سەرمایە لە کۆمەڵگە دواکەوتووکان لە ڕوی تەکنەلۆجی بەرهەمهێنانەوە. لە بارودۆخێکی وەهادا کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە ئاوەی کە بتوانێت لە بازاڕی جیهانیدا بەربەرەکانێ بکات ئەبێت نزم بونی ئاستی تەکنەلۆجی و بەرهەمهێنەری کار بسەپاندنی کەیلایەتی ترین بارودۆخ بەسەر چینی کرێکاردا قەرەبوو بکاتەوە. ئەبێت قایش لێگردنی کریکاران توندبکات و بەو ئامانجە ئەبێت هەموو کۆمەڵگە داپشێت. لەو لایەنەوە پەیوەستی بە دیکتاتۆریەت و لەناوبردنی سەرکۆتایی ترین مافی خەڵکە. بەڵەبەرچاو گرتنی ئەو بارودۆخە سەرمایەداری لە کۆمەڵگەیەکی وەکو ئێراندا ناتوانێت کۆمەڵگەی مەدەنی بەمانای کە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا دەبینین ڕێک بخات.

لەکۆتایدا بەڵگەی سێهەمی من ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە خودی ڕۆژئاواشدا بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن دەوڵەتکانەوە براوەتە ژێر پرسیار. لە فەلسەفەی باوو باڵادەست لە ڕۆژئاوادا کە بە پەست مەدەرنیزم ناسراوە. بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەناو دەبرێت. کۆمەڵگەی مەدەنی بەوشێوەیەی کە بەرژوازی لاوی ڕۆژئاوا لە سەدەی حەقدەو هەژدەدا مژدەدەری بون، ئەو بنەمایە بوو کە هاوکاتیان سەربەخۆ لە ئاین ونەتەوەو میللەت یەکسانن. لەوی ماف ویاسای هاوکاتی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. جگەلە جیاوازی چینایەتی جیاوازی تری، لانی کەم بەشێوەی یاسایی و لەفەلسەفە و جیهان بینی کۆمەڵایەتی بەرژوازی، بەڕەسمی ناناسرێت. بەڵام ئەمڕۆ بەردەوامی هەمان جیاکاری و دەسکاتی چینایەتیە، بەرژوازی ناچار کردوە کە دوبارە پەنابباتەوە بە شوناسی نەتەوەیی و ئاینی ڕۆگەزی. جەرەیئەریەکی مزائیکی لە کۆمەڵگاکان بخاتە ڕوو. بەجۆرێک کە گوایە هەر کەس لەسەر بنەمای پگەی میللی وئاینی وقەومی وجێندەریکەی مافی جیاوازی هەیە. گوایە هەموو شتێک ڕۆژیە. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە "خەڵکی مسوڵمانی ئێران" بە شایستەی کۆماری ئیسلامی دەزانن. و لەو باوەڕدان نابێت هیچ داوەریەکت لەبارەی کولتوری ئیسلامیەوە هەبێت چونکە بەبەوای ئەوان پیوانێ یەک نیە بە هەڵسەنگاندن. لە دیدگای پەست مەدەرنیتیدا هەموو شتێک ڕۆژیە. گفتوگۆی شارستانیەتکان لەڕەوە هاتوە. کۆنەپەرستی دژی ئینسانی لە دەسکاتدار بەسەر ئێراندا: بە شارستانیەتیک"دەزانن کە بەلایەنی زەرەوە ئەبێت گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت! لەکاتێکدا کاتێک لە خەڵکی ئێران خەیان دەپرسیت هەموو نەفرەت لە حکومەتی ئیسلامی دەکەن و خوازیاری پشکۆتوترین پەیوەندی و پیوانەی ئەخلاق و کولتوری و کۆمەڵایەتین.

ئەمە تەنانەت لە خودی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاواو ئەمریکا بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی واتە مافی یەکسانی هاوڵاتی بوون لەبەرەی ژنان، ڕەش پێستەکان، پەنابەران، تەنانەت پاش بوونە هاوڵاتی و چەند ساڵ ژیان کردن لەو کۆمەڵگایانە- بەکردەوە تەنانەت لە بابەت گەلەکدا بە ڕەسمی و یاسای لێناو چوەو پیشێل کراوە.
